# پێگەیاندن و
# گەشەپێدانی سیاسی

عادل عەلی

زنجیرەی هۆشیاریی حزبی / ژمارە / ٧ ی تەمووزی ٢٠٢٦

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کـۆنگرەی (ی. ن. ك) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی، لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆك مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ك) و شۆڕشی نوێ و ڕۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

## زنجیرەی هۆشیاریی حزبی

زنجیرەیەک نامیلکەی تایبەتە بە هۆشیارکردنەوەی حزبی، بۆردی هۆشیاری سەر بە مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری ناوبەناو دەریدەکات. ئامانج لەم زنجیرەیە بریتییە لە بەشداریکردن لە پرۆسەی پێشخستن و گەشەپێدان و هۆشیارکردنەوەی کادیرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕێگای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە دیدی یەکێتی لە پرسە جۆراوجۆرە فیکری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و هەر بابەتێکی تری پەیوەندیدار بە هۆشیاریی حزبییەوە لەبەر ڕۆشنایی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان .

# پێگەیاندن و
# گەشەپێدانی سیاسی

عادل عەلی

-ناوی ناميلكه: پێگەیاندن و گەشەپێدانی سیاسی
- نووسینی: عادل عەلی-
دیزاین: ئەمیرە عومەر
- تیراژ: ( 1000 ) دانە
-ساڵی چاپ: 2026

لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

# پێگەیاندن و
# گەشەپێدانی سیاسی

# پێگەیاندن و گەشەپێدانی سیاسی

عادل عەلی

## پێشەکی

هەردوو چەمکی پێگەیاندنی سیاسی و گەشەپێدانی سیاسی لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە لە سەدەی ڕابردوو بە شێوازە ئەکادیمییەکەی هاتووەتە نێو ئەدەبیاتی سیاسی و کایەی سیاسی و حوکمڕانییەوە. بەڵام بە داخەوە تاکو ئێستا بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهان نەک لە مەیدانی کردەوەدا پراکتیزەی ناکەن، بەڵکو بەشێک لە وڵاتانی دواکەوتوو ڕەنگە هەر نامۆ بن بەو دوو چەمکە. بە پێچەوانەوە وڵاتانی دیموکرات و پێشکەوتوو لەو دوو بوارەدا هەنگاوی گەورە و فراوانیان ناوە ... لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا گەیشتۆتە پلەیەکی بەرز و ئامرازە سیاسی و ئیداری و ئابورییەکان بە ڕادەیەک بەردەست و فەراهەمە کە ئەوەش کاریگەریی بەرچاوی دروست کردووە لە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی تاک و گروپەکان. ئەم گەشە و پێشکەوتنە بووەتە پاڵپشتێکی گەورە بۆ پەرەپێدانی ئەم دوو چەمکە لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە ... بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەری کورد لێرەدا هەوڵ ئەدەین ئەو چەمکانە بناسێنین

و هۆکار و ئامرازەکانی روون بکەینەوە و پاشان گرفت و کۆسپەکانی بەردەم پێگەیاندن و گەشەپێدانی سیاسی لە مەیدانی پراکتیکیدا لە وڵاتانی نموونەی عێراق و کوردستان بخەینە ڕوو.

# پێگەیاندنی سیاسی

بە شێوەیەکی گشتی ئەو پرۆسە سروشتییەی پەروەردە و فێرکردنە ئەگرێتەوە کە مرۆڤ هەر لە مێردمنداڵیەوە لە ڕێگەی کەناڵە جیاجیاکانەوە تێدەگەیەنرێت دەربارەی سیاسەت و تێگەیشتن و وەرگرتنی و بیروباوەڕ و ڕەفتار و بەها سیاسییەکان. پێگە و بوونی کۆمەڵایەتی کەسەکان، بە هۆشیاریی و بەهاکانی دیاری دەکرێت. لەو بارەیەوە (کارڵ مارکس (دەڵێ: بوونی کۆمەڵایەتی، هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات. بۆ پێگەیاندنی سیاسی چەندین کەناڵ و دەزگا ڕۆڵ دەبینن لەوانە خێزان و خوێندنگا وکۆمەڵگا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن. بەر لەوەی بچینە سەر باس و خواس و پێناسەی هۆکارەکانی پێگەیاندنی سیاسی، پێویستە تێڕوانینە جیاوازەکان لەسەربنەما جۆراوجۆرەکان بۆ پێگەیاندنی سیاسی لەپێناو بەرچاوڕوونی زیاتر بخەینەڕوو:-

لەنێو ئەدەبیاتی سیاسی کۆن و نوێی کۆمەڵی کوردەواریدا کەمتر ئەم دەستەواژەیە بەرچاوکەوتووە و بەکارهێنراوە. (گەر ئەم چەمکەش ڕاگوزەریی لە باسێکی ئەکادیمیدا ئاماژەی پێ

کرابێت بەو مانایەی کە جەخت لەسەر دەستەواژەکە و مانا و جەوهەرەکەی کرابێتەوە وەك دیاردەیەك و ڕەهەندێك لە پرۆسەی سیاسی بە گشتی و گەشەپێدانی مرۆیی و سیاسی بە تایبەتی، لەو چوارچێوەیە دەرباز نەبووە).

کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی ڕۆژهەڵات بەپێی ستانداردی جیهانیی لەسەر گەشەپێدان و پێگەیاندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاوڕیان لەم چەمکە نەداوەتەوە ، بۆئەوەی بخرێتە نێو دەستوری کاری حکومڕانیی و گەشەپێدانی مرۆییەوە چونکە کارکردن بەم چەمکە لە ڕاستیدا بەشێکە لە گەشەپێدانی مرۆیی.

هەر بۆیە ئەتوانین بڵێین کە نەك هەر دەستەواژەی پێگەیاندنی سیاسی، بەڵکو سەرلەبەری دەستەواژەکانی گەشەپێدانی مرۆیی و گەشەپێدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی نامۆیە نەك بە ئەدەبیاتی سیاسی و مەعریفی بەشێکی زۆری کۆمەڵگە هاوشێوەکانی وەکو کۆمەڵی کوردەواری بەڵکو هەرگیز باسێک نییە دەربارەی پلان و بەرنامەڕێژی ئەو چەمکانەی باسمان کردن ڕوون بکەینەوە. لەم کورتە نووسینەدا هەوڵ ئەدەین وەك سەرەتایەك هەم چەمکی پێگەیاندنی سیاسی هەم بەرچاوڕوونییەک بخەینەڕوو دەربارەی پێگەیشتن

و ئاستی پێگەیاندنی سیاسی و هۆکار و میکانیزمەکانیش لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بەرجەستە بکەین. دەربارەی پێگەیاندنی سیاسیش بە هەمان شێوە چەمکێکی باو نییە لە کۆمەڵگەی کوردیدا و بگرە کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە. هەوڵ ئەدەین هەردوو چەمکی پێگەیاندنی سیاسی و گەشەپێدانی وەک چەمک و وەک دوو کۆڵەکەی بنەڕەتی لە چوارچێوەی گەشەپێدانی مرۆییدا بخەینەڕوو. سەرەتا لە چەمکی پێگەیاندنی سیاسیەوە دەست پێ دەکەین وەک یەکەمین هەنگاو، چونکە ئەم جۆرە لە پێگەیاندن لە قۆناغی مێردمنداڵیەوە دەست پێ دەکات.

# چەمکی پێگەیاندنی سیاسی

لە دوای جەنگی جیهانی دووەم چەندین چەمکی جیاجیا هاتە نێو ئەدەبیاتی سیاسی و لە لێکۆڵینەوە جیاجیاکاندا جێگیرکران. یەکێك لەو چەمکانە کە زۆرترین پانتایی گرتەوە و بەتایبەتی لە باسی گەشەپێدانی مرۆیی و سیاسیدا، چەمکی پەروەردەی سیاسی یان باشتر بڵێین پێگەیاندنی سیاسی بوو.

بۆ ئەوەی باشتر لە پێگەیاندنی سیاسی تێبگەین دەبێت باسی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بکەین. بە بڕوای زۆرێك لە بیرمەندان و پسپۆڕانی زانستی سیاسی، پێگەیاندنی سیاسی و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی نزیك و ئۆرگانیکی لەنێوانیاندا هەیە. هەر بۆیە باشترە بەر لەوەی بچینە سەرباسی پێگەیاندنی سیاسی دەبێت باسێك لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بکەین بۆ بەرچاوڕوونی و کارئاسانی تا باشتر لە جەوهەر و سروشتی چەمکی پێگەیاندنی سیاسی بگەین.

# پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی چییە؟

مەبەست لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەو پرۆسە بەردەوامەیە کە تاك لەگەڵ کۆمەڵگە گرێ دەدات و دواجار فێری کۆمەڵێ لە بەها و کلتوری دیاریکراو دەکات. ژمارەیەك لە ڕەمز و پێوەر دەبێتە مۆڕاڵی تاك بە تاك کە ئەزموونی خۆیان لەسەر بەریەککەوتن و مامەڵەی ڕۆژانەیان بەرجەستە دەبێت. دۆخی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر تاك و لەوێشەوە ئەو تاکە گرێدراوی کلتورێکی کۆنکرێتی دەبێت. ئەو کلتورە کۆمەڵایەتیەش دەبێتە سەرچاوەی یەکەمی ترادسیۆنی کەسایەتی هەموو تاکەکان. ئەمەش پێگەیاندنی سروشتی مرۆڤە لەنێو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا بەبێ ئیرادەی خۆی. بوونی تاکێکی ڕۆژهەڵاتی و پەروەردەکراو بە کلتوری ڕۆژهەڵاتی جیاوازە لەگەڵ تاکێکی ڕۆژئاوایی. هەر بۆیە هیچ ئیرادەیەك بوونی نییە لە هەڵبژاردنی پێگە کۆمەڵایەتییەکەدا. بەڵام گەر بەراوردی بکەین بە پەروەردەی سیاسی یاخوود پێگەیاندنی سیاسی ، دەبینین جیاوازییەکی بنەڕەتی زۆر هەیە لەنێو هەردوو چەمکەکەدا. گەرچی هەردووکیان هەر پێگەیاندنە بەڵام لە میکانیزم و ئامانجەکاندا جیاواز و چەمك و ئامرازەکان دوو جیهانی تایبەت بە خۆیان هەیە.

## چەمکی پێگەیاندنی سیاسی

وەك لە سەرەتای نووسینەکەدا باسمان کرد پێگەیاندنی سیاسی بریتییە لەو پرۆسەیەی کە مرۆڤ لە منداڵیەوە پەروەردە دەکات، بە کۆمەڵێک بەها و کلتوری سیاسی بینراو لە ڕێگەی هەندێك کەناڵ و یەکەی کۆمەڵایەتییەوە .کە دواجار هۆشیارییەکی دیاریکراوی سیاسی بۆ دروست دەبێت دەربارەی دنیا و دەوروبەر، ڕادەی پەیوەندیی و وابەستەیی تاکەکان بە کەناڵەکانی پێگەیاندنی سیاسییەوە و جۆری هۆشیاریی و تێگەیشتنی سیاسی دیاری دەکات.

پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی بە شێوەیەکی خۆرسکی لەسەر دوو ئاستی سەرەکی کار دەکات.

**یەکەم:** بە شێوازی فێرکردنیان وەك تەلقیندان بە کۆمەڵێك بەهاو پێوەر و پێودانگ لە ناخ و دەروونی کەسەکەدا جێگیر دەبێت و دەبنە مۆڕاڵ و ڕەفتار لە تاکەکان و دواجار جۆری هەڵسوکەوت و مامەڵەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو کەلتور و بەهایە دەبێت.

**دووەم:** ئەم ئاستەش وا دەکات تاك بە شێوەیەکی سروشتی قۆناغ بە قۆناغ پێی بگات و تێی بگات و دواجار ئەوانەش ببنە ناسنامەی کەسایەتی تاک بە کۆمەڵێك بەهای

دیاریکراو بناسرێتەوە.

لەڕاستیدا جگە لەوەی کە چەندین هۆکاری دیاریکراو هەیە لە پێگەیاندنی سیاسیدا چەند ڕەگەزێکی سەرەکیش کە ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لەسەر پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسیدا پێویستە ڕەچاو بکرێت و بەهەند وەربگیرێت.

هەتا لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەم چەمکە تێنەگەین ناتوانین بەرچاو ڕوونیمان هەبێت سەبارەت بە پێگەیاندنی سیاسی. هەر بۆیە جگە لەوەی دوو ئاستی بنەڕەتیمان دیاریکرد بۆ چەمکی پێگەیاندنی سیاسی کە لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆ چەندین رەگەزی تر بکەین .

❉ پێگەیاندنی سیاسی پرۆسەیەکی بەردەوامە. کە مرۆڤ هەر لە منداڵیەوە بە درێژایی ژیانی هەتا پیربوون بەر کۆمەڵێك بەها و چەمکی نوێ دەکەوێت و فێر دەبێت.

❉ پێگەیاندنی سیاسی بە شێوەیەکی ئاسان و سروشتی وەك پرۆسەی تەلقین کردن وایە کە ئاڕاستەی دەکات بۆ بایەخدان و وابەستەبوون بە کۆمەڵێك چەمك و بەهاوە کە لە جەوهەردا کاریگەریی سیاسی هەیە.

❉ ژمارەیەك کەناڵ و دەزگای کۆمەڵایەتی هەن کە ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن لەسەر پێگەیاندیی سیاسی.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێگەیاندنی. سیاسی سێ ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت:

١- گواستنەوەی کلتوری سیاسی لە ڕێگەی نەوەکانەوە.

٢- پێکهاتەی کلتوری سیاسی.

٣- گۆڕینی کلتوری سیاسی.

هۆکارەکانی پێگەیاندنی سیاسی

هۆکارەکانی پێگەیاندنی سیاسی زۆر و جۆراوجۆرن وەک (خێزان، خوێندنگا و دامەزراوەکانی فێرکردن، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، حزبە سیاسییەکان، دامەزراوە ئاینییەکان، دام و دەزگاکانی حکومی، ...... هتد.) هەوڵ ئەدەین لێرەدا چەند هۆکارێک باس بکەین:

# خێزان

خێزان وەك یەکەیەکی بنچینەیی کۆمەڵ ڕۆڵی یەکەم و بەرچاوی هەیە لەسەر تاك، هەم لە ڕووی پێگەیاندنی سیاسییەوە. هەر بۆیە خێزان یەکێکە لەو هۆکارانەی کە کاریگەری ڕاستەوخۆ و بەرچاوی هەیە لەسەرئاستی هۆشیاری تاك و کۆمەڵ و پێگەیاندنی سیاسی تاك. زۆربەی خێزانەکان لە پەروەردە و پێگەیاندنی سیاسی تاکەکاندا بە شێوازە سروشتییەکان ئەتوانن جۆر و شێواز و پێگەیاندنەکەی دیاری بکەن.

هەرچەندە خێزان یەکەمین و گرنگترین یەکەیەکە توانیوێتی ئەو ئەرك و ڕۆڵە بگێڕێت لەسەر پێگەیاندنی سیاسی خێزان ، تاکو ئێستاش لەسەر ئاستی جیهاندا ئەو رۆڵە گرنگەی هەر هەیە لە پێگەیاندنی سیاسیدا، گەرچی زۆرێك لە خێزانەکان کە هیچ بایەخێک یاخود حەزیان بۆ سیاسەت نییە. ئەم پەیوەندییەی تاك بە خێزانەوە ڕەنگدانەوەی شێوازی پەیوەندیی ئابووری و بەرهەمهێنانە کە لە بەشێکی زۆری جیهاندا تاکەکان هەتا هاوسەرگیریی دەکەن وابەستەی خێزانەکانیانن. ئەمەش

هۆکاری ئەوەیە کە تاکەکان سەربەخۆیی ئابووریيان نییە. بۆیە زۆرتر خێزانەکان ڕۆڵیان هەیە لەو پێگەیاندنە سیاسییەدا، کەواتە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا لە ڕووی ئابوورییەوە زۆرتر ئەم کەناڵە رۆڵ دەبینێت لەسەر ئاستی پێگەیاندنی سیاسی.

# خوێندنگا و
# دامەزراوەکانی فێرکردن و پەروەردە

ئەم کەناڵانە یاخود هۆکارانە ڕۆڵ و کاریگەریی زۆر و بەرچاویان هەیە لە ڕووی پەروەردە و فێرکردنەوە کە فاکتەرێکی گرنگە بۆ پێگەیاندنی سیاسی ... کە لە ڕووی کار و کاریگەرییەوە لەگەڵ خێزان جیاوازی هەیە. کاریگەریی خێزان سروشتی و خۆرسکە و بێ بەرنامەیە زۆربەی جار ... بەڵام خوێندنگا و دامەزراوەکانی فێرکردن بەشێوازێکی سیستماتیکی کاردەکەن بەپێی پلان لەسەر ئاستە جیاوازەکانی قۆناغ و تەمەنەکان کاریگەری دائەنین لە هۆکارە پڕ بایەخ و بەرچاوەکان بۆ پاڵپشتی پێگەیاندنی سیاسی.

١- هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی سیاسی ، ئەمەش لەسەر بناغەی چەندین بابەتی دیاریکراو کار دەکات وەك پەروەردەی ئێستا و مێژوو کە خوێندکار ئاشنا دەکات بە مێژووی کەلتوریی وڵات و ڕووداوەکانی ڕابردوو، هەروەها سونبلە مێژووییەکانی و چاندنی خۆشەویستی و وابەستەیی بە نیشتمانەوە، بەمەش هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی دەباتە ئاستێکی باڵا کە تاک

شانازی بکات بە کەلتورو مێژووی نەتەوەکەیەوە.

٢- سروشتی سیستەمی خوێندنگە و دامەزراوەکانی تر

ئەو دەزگایانە وەك یەکەیەکی کۆمەڵایەتی، تایبەتمەندیی خۆیان هەیە کە هۆکاری یارمەتیدەرن بۆ پێکهێنانی کاریگەریی کەسایەتی خوێندکار و فێرخواز لە دیاریکردنی ئاراستەی بونیادنانی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی دام و دەزگا و کەناڵە جیاجیاکان لەسەر پێگەیاندنی سیاسی

# هۆکارەکانی ڕاگەیاندن

هۆکارەکانی میدیا و ڕاگەیاندن بریتین لە کۆی ئەو کەناڵە جیاجیایانەی بینراو و بیستراو و خوێندراو، کە لە ڕێگەی ئەوانەوە زانیاری و هەواڵ دەگاتە جەماوەر. زۆرینەی خەڵك لە ئێستادا لە رێگەی ئەو ئامرازانەوە زانیاریی و هەواڵی نوێیان دەگاتە دەست لەسەر حکومەت و حزب و ڕێکخراوەکان و سەرجەم چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانە. لەبەر ئەوەی کارێکی ئەستەمە بە توانای خۆی سەرجەم زانیاری و ڕوداوەکان بزانێت، ئێستا کەناڵەکانی گەیاندنی زانیاری پانتایی گەورەی گرتووەتەوە تا ئەوپەڕی سنووری ڕەهایی و مرۆڤ ئەتوانێت چەند زانیارییەکی بوێت دەستی بکەوێت. هەر بۆیە تۆڕی پەیوەندی کە بە تۆڕی جاڵجاڵۆکەش هەندێك جار ناودەبرێت، واتا ئینتەرنێت لە دنیای ئێستادا گۆڕانکارییەکی گەورەی دروست کردووە لەسەر تەواوی ئاستەکانی ژیان. کەواتە خەڵك زۆرتر پشت دەبەستێت بەو زانیاریانەی کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لەبەر دەستایە نەك هۆکارە کلاسیکییەکانی وەك هۆکارەکانی کاغەزی و بینراو و بیستراو.

دەزگا میدیاییەکان لە کۆن و لە ئێستاشدا ڕۆڵ و کاریگەریی هەر وەکو یەکەکانی تر گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، تاکە گۆڕانکارییەك کە ڕوویدا بێت ئەوەیە کە ڕادەی کاریگەرییەکەی زۆرتربووە. ڕاگەیاندن لە ڕێگەی دەزگا جیاجیاکانەوە سەبارەت بە پێگەیاندنی سیاسی لەسەر تاك و لەسەر گروپیش ڕۆڵی بەرچاوی هەیە و لە ئێستادا ڕۆڵ و کاریگەرییەکەی زیاتر بووە، کە ڕاستەوخۆ ئەو قورساییە هەست پێدەکرێت بە بەراورد بە کەناڵەکانی تری کاریگەریی بۆ پێگەیاندنی سیاسی. میدیا رۆڵەکەی یەکجار فراوان و کاریگەرترە. ئەم ئامرازە بە شێوەیەکی خۆڕسکانە تاکەکان لە ڕووی سیاسییەوە پەروەردە دەکات و ئاراستەیان دەکات. واتا بێ ئەوەی هیچ خواستێك هەبێت لەلایەنی تاکەوە، دەزگاکانی میدیا ڕۆڵیان هەیە لە پێگەیاندن و پەروەردەی سیاسیدا. لەسەر ئاستی دنیادا حکومەت و حزب و ڕێکخراوەکان زۆر بە ئاسانی ئەم هۆکارانە بەکاردەهێنن بۆ ئاڕاستەکردنی جەماوەر لەپێناو پارێزگاریی لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان. بە گشتی لە وڵاتە دواکەوتوو و تازە پێگەشتووەکانیش دەسەڵات ئەم ئامرازە زۆرتر دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە بۆ شاردنەوەی گرفت و کەم و کوڕییەکانی حکومەت و ڕازیکردنی خەڵک لە بەرژەوەندی مانەوەی دەسەڵات. هەر بۆیە هەڵوێستی

خەڵك بەرامبەر  هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەسەر بناغەی کار و کاردانەوە دەبێت و  لەم پرۆسەیەدا دواجار پێگەیاندنی سیاسی لێ دەکەوێتەوە. کەواتە ئەم ئامرازە زۆر گرنگە و لەنێوان خەڵك و دەسەڵاتی سیاسیدا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسیدا. هەر بۆیە زۆربەی جاریش بە دەسەڵاتی چوارەم ناوزەد ئەکرێت.

چەندین هۆکاری دیکە هەن کە بە هەمان شێوە و بگرە زیاتریش کاریگەرییان لەسەر پێگەیاندنی سیاسی هەیە، کە هەندێک لەو هۆکارانە لەسەردەمی ئێستادا هەم گەشەیان کردووە هەم فراوانتر بوون. ئەڵبەتە کاریگەریی ئەو ئامڕاز و هۆکارانە بەپێی تایبەتمەندی وڵات و کۆمەڵگەکان ڕادەی کاریگەرییان دیاری دەکرێت. ئەو ئامراز و هۆکارانەی تر کە شان بە شانی ئەوانەی باسمان کرد بوونێکی بەرچاویان هەیە بۆ پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی لەوانە، گروپە کۆمەڵایەتییەکان، دامەزراوە ئایینی و مەزهەبییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، حزبە سیاسییەکان. کە دەکرێت هەریەکە لەوانە باس بکرێت و لە ڕاستیدا ئەگەر کاریگەرییان لە وانی تر زیاتر نەبێت کەمتر نییە، بە تایبەتی هەردوو هۆکاری حزبە سیاسییەکان و دامودەزگا ئاینییەکان.

# گەشەپێدانی سیاسی

گەشەپێدانی سیاسی یەکێکە لە تەوەر و کۆڵەکە بنەڕەتییە سیاسییەکان بۆ هەر پرۆسەیەکی هەمەلایەنەی کۆمەڵگەکان، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی هەیە بە میکانیزم و توانای سیستەمە سیاسییەکان و پێشخستنی دامودەزگا جیاجیاکان و توانا و بەهێزکردنیان بە شێوەیەک کە بگونجێ لەگەڵ گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. هیچ گەشەپێدانێک ئامانجەکانی ناپێکێ بەبێ بوونی سیستەمێکی سیاسی کارا، کە پارێزگاریی لە ئارامی و نەزمی گشتی نەکات. واتا دەبێت ئەو سیستەمە دەستەبەری بەشداریی سیاسی فراوانی هاووڵاتیان بکات بە پێڕەوکردنی سەروەریی یاسا. هەر بۆیە گەشەپێدانی سیاسی بنەما و کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی و سەرەکییە لە پرۆسەی گۆڕانکاری و پەڕینەوە بۆ دیموکراسی. بە گشتی گەشەپیدانی سیاسی پێویستییەکی ژیانی و ژیارییە بۆ گەشەپێدانی هەمەلایەنە لە هەر زەمان و زەمەنێکدا و مەرجی گەشەکردن و پەرەپێدانی کۆمەڵگەکانە کە خاوەنی سیستەمێکی سیاسی ودیموکراسی بێت.

# پێناسەی چەمکی گەشەپێدانی سیاسی

زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی سیاسیی پێناسە و لێکدانەوەی جۆراوجۆری هەیە بۆ ئەم چەمکە کە لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ بەشێکیان دەکەین، بەڵام بەر لەوەی کە پێناسەکان بخەینەڕوو ئاماژە دەکەین بۆ چەند خاڵێک کە گەشەپیدانی سیاسی لەو چوارچێوانەدا زیاتر بەرجەستە دەبن :

١- پرۆسەی نوێبوونەوەی هەر سیستەمێکی سیاسی کە ئامانجی پەرەپێدان و تواناکانی هەبێت بۆ هەر ئاڵنگارییەک و گۆڕانکاریی لە میکانیزمی بەڕێوەبردندا.

٢- بەهێزکردن و فراوانکردنی بەشداریی هاووڵاتیان لە دروستکردنی  هۆشیاری و بیری سیاسیدا کە ئەوەش خۆی لە فراوانبوونی پانتایی ماف و ئازادییەکان دەبینێتەوە و لەو دەزگا و ئۆرگانانەی کە ڕاستەوخۆ نوێنەرایەتی جەماوەر دەکەن.

٣- ڕیفۆرم یان باشترکردنی توانا و لێهاتویی دەوڵەت لە بوارەکانی ڕێکخستن و حوکمڕانیدا بەو جۆرەی کە باشترین خزمەتگوزاریی گشتی پێشکەش بکات.

٤- بونیادنانی دەوڵەتی یاسا لە ڕێگەی دامەزراوە سەربەخۆکان بۆ دەستەبەری عەدالەت و یەکسانی.

کەواتە پێگەیاندنی سیاسی تەنها لە ڕووی دامەزراوەییەوە سنوردار ناکرێت، بەڵکو کەلتوری سیاسی و هۆشیاریی گشتی و پەیڕەوکردنی دیموکراسیانەش دەگرێتەوە.

لە زانستە سیاسی و مرۆییەکاندا پێناسەی جۆراو جۆر بۆ چەمکی گەشەپێدانی سیاسی هەیە، لەوانە:

گەشەپێدانی سیاسی پرۆسەی پەرەپێدانی فراوانی سیستەمی سیاسییە و ئامانجی بەهێزکردنی چالاکییەکانیەتی بۆ فراوانکردنی بەشداریی سیاسی و جێگیرکردنی دامەزراوە سیاسییەکان کە تواناى کۆنترۆڵکردنی بەڕێوەبردن و گۆڕانکارییەکانی هەبێت و ئارامی دەستەبەر بکات.

❊ گەشەپێدانی سیاسی پرۆسەیەکی بەردەوامی ژیاریی و ژیانییە کە پێویستە هەموو سیستەمێکی سیاسی یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی بێت کە ئەو تایبەتمەندییانەی گەشەپێدانی سیاسی پێ دەناسرێتەوە.

❊ بەردەوامی، واتا پرۆسەیەکی کەڵەکەبووە لە پڕێکدا نە ڕوو ئەدا نە ئەنجام دەدرێت، بەڵکو پرۆسەیەکە لە هەموو کات و زەمانێکدا بەردەوامی هەیە.

❊ فراوانی، واتا گشتگیرە و سەرلەبەری دامەزراوەکان دەگرێتەوە لەوانە کەلتورییەکان، سیاسییەکان، پێڕەوی

دیموکراسی. واتا هەمووان هەم بەشدارن و هەم کاریگەری دروست دەکەن..

❊ ڕاگرتنی بالآنس، واتا بەدەستهێنانی بالآنس لەنێوان داخوازییەکانی خەڵک و توانای دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنی بوارە جیاجیاکان لە رێگەی بەهێزکردنی یاساو جیاکردنەوەی دەسەلآتەکان.

**بایەخی چەمکی گەشەپێدانی سیاسی**

گەشەپێدانی سیاسی بایەخێکی زۆر گرنگی هەیە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و دەوڵەتان ، هەر بۆیە سالآنە لە ڕێگەی چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرە و کۆنفرانسەوە دەیان ۆرک شۆپی تیۆری و پراکتیکی ساز دەکرێت و بەشێکی زۆر لە دامەزراوە زانستییە پەیوەندیدارەکان تێیدا بەشداری دەکەن بۆ داڕشتنی پلان و بەرنامەی هەمەلایەنەو درێژخایەن لە پێناو:

❊ بەهێزکردن و جێگیرکردنی ئارامی سیاسی.

❊ پشتیوانیی شەرعیەتی سیاسی.

❊ دەستەبەرکردنی بەشداریی هاوولآتیان.

❊ بەشداریی لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا.

# ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی گەشەپێدانی سیاسی

**١- دامەزراوەکان**

دامەزراوەکان لە گرنگترین ڕەگەز و کۆڵەکەکانی گەشەپێدانی سیاسین، بوونی دامودەزگای بەهێزو جێگیر کە توانای بەجێهێنانی ئەرکەکانی هەبێت نەک هەژموونی کەس و تاکەکان، واتا دەبێت دوور بێت لە میزاجی کەسیی. لەو دامەزراوانەش وەکو (پەرلەمان، دادگا، پارتە سیاسییەکان، ئیدارە گشتییەکان).

**٢- بەشداریی سیاسی**

بەشداریی سیاسی هەموو ئەو بەشدارییانە دەگرێتەوە کە تاکەکان لە هەڵبژاردنەکاندا بەرجەستەی دەکەن، یاخود ئەندامانی حزبەکان و بەشداریی لە کاری سەندیکایی و گروپ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. بەشداریی کارا و فراوانی هاووڵاتیان بەندە بە ڕەوایی و بە هێزی سیستەمی سیاسی.

**٣- سەروەریی یاسا**

سەروەریی یاسا بە مانای ملکەچیی هەمووان دێت لە بەردەم یاسادا، بە جۆرێک کە لە ڕێگەیەوە یەکسانی و عەدالەت دەستەبەر بکرێ، لە هەمان کاتدا سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی، کە دواجار دەبێتە هۆی بەهێزکردنی متمانەی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیان.

**٤- ئارامی سیاسی**

لە هەموو کات و سەردەمانێکدا ئارامی سیاسی مەرجی سەرەکییە بۆ ئەنجامدانی گەشەپێدانی سیاسی، بەبێ ئەوە ناتوانرێت گەشەپێدانی ئابووری یان کۆمەڵایەتی بەدیبهێنرێ. واتا دەبێت دەستەبەری ژینگەی ئارام و جێگیر بکرێت بۆ دەستپێکردنی گەشەپێدانی هەمەلایەنەی سیاسی.

**٥- توانای فەرمانڕەوایی**

ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە دەوڵەت توانای دانانی چەندین سیاسەتی گشتی کارای هەبێت، لە هەمان کاتیشدا بتوانێت جێبەجێیان بکات. ئەوەش خۆی لە خۆیدا ڕەنگدانەوەی پێگەیشتنی بونیادی دامەزراوەکانە.

گەشەپێدانی سیاسی بەندە بە ئاست و ڕادەی بەشداریی

هاووڵاتیانەوە بە شێوەیەکی هەمە لایەنە بە جۆرێک کە ئەو گەشەپێدانە ببێتە هۆی بەهێزبوونی دامەزراوە دیموکراتییەکان و زەمینەسازی ژینگەیی کە هاووڵاتیان ڕێگەیان پێبدرێت بۆ ئەوەی بەشدارییەکی ئازادانە بکەن لە دروستکردنی بڕیاردا بەهۆی هەڵبژاردن و حزبەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئاراستەی پشتیوانیان بۆ سازدانی گەشەپێدانێکی بنەڕەتی و فراوان.

# کێشە و گرفتەکانی گەشەپێدانی سیاسی

گرفت و کۆسپەکانی بەردەم سازدانی گەشەپێدانی سیاسی خۆی لەسەر دوو ئاستدا دەبینێتەوە:

## یەکەم / لەسەر ئاستی ناوخۆیی

### ١- گەندەڵی سیاسی

یەکێک لە گرفتە دیار و بەرچاوەکانی بەردەم ئەنجامدانی گەشەپێدانی سیاسی هەبوونی گەندەڵی سیاسییە، واتا لاوازبوونی متمانەی نێوان خەڵک و دامودەزگا حزبی و دەوڵەتییەکان، کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم گەشەپێدانادا.

### ٢- لاوازی دامەزراوەکان

لە کاتێکدا کە دەوڵەت پشت ئەبەستێ بە کەسایەتییەکان لەجیاتی دامودەزگاکان، کە ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە سیستەمێکی فشەڵ و لاواز بێت و توانای بەڕێوەبردنی گۆڕانکارییەکانی نەبێت.

**٣- لاوازی کەلتوریی و دیموکراسی**

ئەم ڕەهەندە زیاتر لە نەبوونی هۆشیاری سیاسی، وابەستەیی بۆ خێڵ و عەشیرەت و هۆز و تیرە و تایفە خۆی بەرجەستە دەکات، کە دواجار لاوازیی بەشداریی سیاسی لێدەکەوێتەوە.

**٤- ململانێ ناوخۆییەکان**

یەکێکی تر لە کێشە و گرفتەکان لەبەردەم پرۆسەی گەشەپیدانی سیاسیدا ئەوەیە کە وڵات تووشی ململانێی ڕەگەزیی و تایفی بووبێتەوە، کە هەڕەشە بێت بۆ یەکبوون و تۆکمەیی دەوڵەت. واتا ئەم گرفتە دەبێتە کۆسپێکی گەورەی گەشەپێدان.

## دووەم/ لەسەر ئاستی دەرەکی

١- دەستوەردانی دەرەکی ئەو فشارە سیاسی و ئابووریانە دەگرێتەوە کە دەبنە ڕێگر لە رێڕەوی ریفۆرمەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ. واتا دەستوەردانی بیانی و دەرەکی وەک و فشار لەسەر چەندین ئاست و ڕەهەند کە گوشار دروست دەکەن بۆ گەشەپێدان لە ناوخۆی وڵاتدا.

٢ - کاریگەری گڵۆباڵیزم

گڵۆباڵیزم ئاڵنگارییەکی گەورە و فراوانی دروست کردووە لەسەر ئاستی وڵاتان، بە تایبەتی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو کە زۆربەی جار سەروەریی دەوڵەتەکانیشی خستووەتە ژێر پرسیارەوە و تەنانەت دابەشکردنی دەسەڵاتەکانیشی هەم لاواز کردووە هەم ڕەوایەتیشی تا ڕادەیەک نەهێشتووە.

هەربۆیە گڵۆباڵیزم بە یەکێکی تر لە کۆسپەکانی بەردەم گەشەپێدان ئەژمار دەکرێ لەسەر ئاستی دەرەکی و کاریگەریی لەسەر بارودۆخی ناوخۆ.

وەک ئاماژەمان پێکرد چەمکی گەشەپێدانی سیاسی زیاتر لە دوای پەنجاکانی سەدەی رابردوو هاتووەتە ناوەندی ئەدەبیاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لەسەر ئاستی دەوڵەتان پێڕەو دەکرێ. هەتا دێت بایەخی ئەم چەمکە لەسەر ئاستی پراکتیکی زیاد دەکات. گەشەپێدانی سیاسی بەشدارییەکی بەرچاوی هەیە بۆ پەرەپێدانی سیستەمی سیاسی و بەهێزکردنی ئارامی لە ڕێگەی دەستەبەری میکانیزمی ئاشتیانە بۆ بەڕێوەبردنی ململانێکان و دەستەبەریی باڵانس لەنێوان دەسەڵاتەکاندا، بە شێوەیەک کە شەفافیەت و لێپرسینەوە و لێپێچینەوە ببنە کارێکی ئاسایی لە کۆمەڵگەدا. گەشەپێدانی بەردەوام دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی

بواردان بە کودەتا و گرژییەکانی ناوخۆ و زیادبوونی متمانەی نێوان خەڵک و هاووڵاتی.

کەواتە گەشەپێدانی سیاسی پرۆسەیەکی جەوهەرییە بۆ بونیادنانی دەوڵەتی مۆدێرنە و فراوانبوونی بەشداریی خەڵک و پەرەپێدانی دامەزراوەکان. هەروەک ئەزموونەکان دەریانخستووە، سەرکەوتنی گەشەپێدانی سیاسی پێویستی بە ڕیفۆرمێکی هەمەلایەنە هەیە، کە لە هەنگاوی یەکەمدا دەبێت هەوڵی لەناوبردنی گەندەڵی بدرێت و پاشان سەروەریی یاسا بەهێز بکرێ و لەگەڵیدا دامەزراوەکان بەهێز بن، هاوشان لەگەڵ ئەو هەوڵانەدا پێویستە کەلتوری سیاسی لەسەر ئاستێکی فراوانلەناو  خەڵکدا بڵاو بکرێتەوە و پەرەی پێبدرێ.

لەوەوە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەرئەکەوێ کە گەشەپێدانی سیاسی کارێکی ئاسان نییە و لە ڕێڕەوی جێبەجێکردنیدا ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ ئەبێتەوە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە...

بە داخەوە لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا کەمترین ئەزموون هەیە بۆ پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی.  لە وڵاتی عێراق و دەوروبەریشیدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە نەتونراوە هەنگاوی ڕاستەقینە بنرێ بۆ بەرپاکردنی گەشەپێدانی

سیاسی. هەموو ئەو گرفتانەی لەم بابەتە باس کراوە بە زیادەوە لە عێراق و بەشێکی هەرێمی کوردستان هەست پێ دەکرێت سەرەڕای هەبوونی دەستورێکی هەمیشەیی کەچی گرفتەکان بوونێکی بەرچاویان هەیە لەوانە:

**١- تائیفە سیاسییەکان**

أ – به داخەوە سیستەمی سیاسی ئێستای عێراق پشت بە پشکداریی تائیفی و مەزهەبی و نەتەوە و کەمە نەتەوەییەکان ئەبەستێ.

ب- لاوازی و تێگەیشتنی چەمکی هاوولاتیبوون و لێهاتوویی لە حکومڕانیدا.

**٢- گەندەڵی ئیداری و دارایی.**

❊ بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە دامودەزگاکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت.

❊ لاوازی متمانە لەنێوان هاوولاتیان و دەوڵەت.

**٣ – لاوازی دامودەزگاکانی دەوڵەت.**

❊ نەبوونی سەربەخۆیی دەسەلاتی دادوەری.

❊ لاوازی چاودێریی دەسەلاتی یاسادانان و جێبەجێکردن.

**٤ - دەستوەردانی دەرەکی**

* کاریگەریی وڵاتانی هەرێمایەتی یان ئەو دەوڵەتانەی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر بڕیاری سیاسی عێراق.

* کەمکردنەوە یان لاوازکردنی سەروەریی نیشتمانی دەوڵەتی عێراق.

**٥- لاوازی بەشداریی سیاسی.**

* بێ ئومێدی یاخود بایکۆتکردنی لاوان و گەنجان بەرامبەر هەڵبژاردن.

* بێ ئومێدی دەربارەی گۆڕانکاریی سیاسی لە ڕێگەی پرۆسەی دیموکراتییەوە.

**٦ – کێشە و گرفتی ئەمنی**

* بوونی میلیشیا و هێزی چەکداری دەرەوەی یاسا کە دەوڵەت هیچ کۆنترۆڵێکی نییە بەسەریانەوە.

* کاریگەریی نەبوونی ئارامی سیاسی لەسەر پرۆسەی سیاسی.

لە هەرێمی کوردستانیش کە هەرێمێکی فیدراڵیە و بەپێی دەستور سەر بە عێراقە، بەداخەوە لە ماوەی سی و پێنج ساڵی ڕابردوودا نەیتوانیوە بەرنامە و پلانی گەشەپێدانی

سیاسی یاخود هیچ هەنگاوێک دەربارەی ئەو چەمکە لە مەیدانی کردەوەدا بنێت. ئەو هۆکارانەی کە لە دەوڵەتانی دواکەوتوو وەک نموونەی عێراق کە هەیە ئەگەر زیاتر نەبێت لە هەرێمی کوردستان کەمتر نییە لەوانە :

**یەکەم / باڵادەستیی حزبە گەورەکان**

❊ کاریگەریی و هەژموونی هەردوو حزبی دەسەڵات لەسەر ژیانی سیاسی.

❊ لاوازیی پلۆرالیزم کە خۆی لە دەستاودەستی ئاشتیانەی دەسەڵات دەبێتەوە.

**دووەم/ لاوازیی دەستاودەستی دەسەڵات**

❊ بەردەوامیی دەستەبژێرێکی سیاسی لە دەسەڵاتدا بۆ ماوەیەکی زۆر.

❊ دواکەوتنی هەڵبژاردن و قبوڵ نەکردنی ئەنجامەکان.

**سێیەم/ گەندەڵی**

❊ بڵاوبوونەوەی لایەنداریی حزبی لەبەکارخستن و دامەزراندن لە پێگە و پۆستە ئیدارییەکان.

❊ لاوازی یاخود نەبوونی شەفافیەت لە بەڕێوەبردنی داهاتەکاندا.

**چوارەم / لاوازیی دەسەڵاتی یاسادانان و دامودەزگاکانی چاودێری.**

* لاوازبوونی رۆڵی پەرلەمان لە چاودێری و بەدواداچووندا.

*دەستوەردانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە کاری دامەزراوەکاندا.

**پێنجەم/ قەیرانی ئابووری**

* پشت بەستن بە یەک تاکە سەرچاوەی ئابووری وەکو نەوت.

* کاریگەریی ئەو ململانێ بەردەوامەی کە لەنێوان هەرێم و بەغدا هەیە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئارامی سیاسی .

**شەشەم/ پرسی ئازادییەکان**

* لە بەشێکی هەرێمی کوردستاندا ئازادییەکان سنووردار کراون.

* لاوازی پاراستنی ئازادیی ڕادەربڕین لە هەندێک کات و شوێندا.

لە عێراق و هەرێمی کوردستان پرسی گەشەپێدانی سیاسی دووچاری چەندین گرفتی گەورە بووەتەوە یان دەبێتەوە کە

بە کێشەی بونیادیی بەرچاو دەدرێتە قەڵەم، کە دیارترینیان لاوازیی دامەزراوەکان و گەندەڵی و نەبوونی حوکمێکی تۆکمەیە، هەروەها کاریگەریی دابەشبوون. جیاوازیی و لەیەک داپڕان و دوورکەوتنەوەی هێزە سیاسییەکان.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پرسی گەشەپێدان کارێکی مەحاڵ نییە و دەکرێت هەنگاوی بە کردەوەی بۆ بنرێ، چونکە گەشەپێدانی سیاسی مەرجی سەرکەوتن و مانەوەی هەر دەسەڵات و دەوڵەتێکە کە بتوانێ پەرەپێدان و پێشکەوتن ئەنجام بدات لە رێگەی پیادەکردنی گەشەپێدانی سیاسییەوە. هەر بۆیە ئەرکی سەرەکی و هەنووکەیی دەسەڵات و دەوڵەتە لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق و لە هەنگاوی یەکەمدا ئەتوانێت ڕیفۆرم بکات لە ڕێگەی :

❊ بەهێزکردنی سەروەریی یاسا.

❊ هاوکاری و پشتیوانیی بەشداریی لاوان و گەنجان.

❊ دژایەتی ڕاستەقینەی گەندەڵی.

❊ بەهێزکردنی دامەزراوەکان.

ئەو هەنگاوانە ئەتوانێت مەرجی پەڕینەوەی هەرێم و دەوڵەتی عێراق بێت لە دۆخی نائارامییەوە بۆ دۆخی گەشەسەندن و پێشکەوتن و کەوتنە سەر شاڕێگای گەشەپێدانێکی هەمەلایەنەی سیاسی.

# خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی هەردوو چەمکەکە

لەنێوان ئەم دوو چەمکەدا چەندین خاڵی هاوبەش و جیاواز هەیە هەم لە ڕووی تیۆرییەوە هەم لە ڕووی پراکتیکییەوە کە لێرەدا ئاماژە دەکەین بە خاڵە سەرەکییەکان:

**خاڵە هاوبەشەکان:**

١- هەردوو چەمکەکە پەیوەستە بە سیاسەتەوە و بایەخ بە پەیوەندییەکانی نێوان تاک و سیستەمی سیاسی دەدەن.

٢- هەردوو چەمکەکە بەشداریی دەکەن لە ئارامی و جێگیریی سیاسیدا لە ڕێگەی بەهێزکردنی هۆشیاریی و بەشدارییەوە.

٣- هەردوولا پشت ئەبەستن بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، وەکو خێزان و خوێندنگا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ئاین و گروپ و حزبە سیاسییەکان.

٤- هەردوولا کاریگەرییان هەیە لەسەر مۆڕاڵی هاووڵاتیان لەڕووی سیاسییەوە.

## خاڵە جیاوازەکان:

**گەشەپێدانی سیاسی:**

١-بایەخ بە پەرەپێدانی سیستەمی سیاسی و دامەزراوەکان ئەدا.

٢- ئامانجی چاککردنی بەشداریی سیاسییە.

٣- ریفۆرمی یاساکان و دامەزراوەکان ئەگرێتەوە.

٤- پانتاییەکی فراوانە.

**پێگەیاندنی سیاسی:**

١- بایەخ بە دروستکردن و پێگەیاندنی تاک ئەدات لە ڕووی سیاسییەوە.

٢- بەها و چەمکە سیاسییەکان ئەگوازێتەوە.

٣- لە منداڵی و مێردمنداڵیەوە دەست پێ ئەکات و بەردەوام ئەبێت بە درێژایی ژیان.

٤- پانتاییەکی سنوردارە.

لەگەڵ ئاشکراکردنی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان ئەتوانین بڵێین کە پێگەیاندنی سیاسی یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی گەشەپێدانی سیاسییە، چونکە گەشەپێدانی سیاسی ئامانجی

پەرەپێدانی سیستەمی سیاسی و زیادکردنی توانای بەشداریی هاوولاتیانە، لەگەڵ ئەوەدا پێگەیاندنی سیاسی ئامانجی چاندن و قوڵ کردنەوەی بەها و چەمکە سیاسییەکانە لە تاکدا کە هەر لە منداڵییەوە پێگەیاندنی سیاسی لە بنەڕەتدا دەبێتە کۆڵەکەی بەدەستهێنانی گەشەپێدانی سیاسی. لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین کە پەیوەندی پێگەیاندنی سیاسی و گەشەپێدانی سیاسی پەیوەندییەکی ئۆرگانی و تەواوکارییە.

چەند نموونەیەک لە سەرکەوتنی گەشەپێدان و پێگەیاندنی سیاسی لە ولاتانی جیهاندا.

ئەم دوو چەمکە لەسەرئاستی دنیادا لە ڕووی پراکتییەوە کاری زۆری لەسەر کراوە. بەشێکی زۆری ولاتان تا ڕادەیەک لە پلان و بەرنامەکانیاندا ئەم دوو چەمکەیان لە مەیدانی کردەوەدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. بەڵام لێرەدا ئاماژە بەو ولاتانە دەکەین کە سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەست هێناوە و لە ڕیزبەندی ساڵانەدا بۆ ئەو مەبەستە ئاماژەیان پێ دەکەین لەوانە:

### * فەرەنسا

لە ڕیزبەندی ئەو ولاتانەیە کە بایەخی زۆرتر بە هەردوو چەمکەکە دەدات لە ڕووی پراکتیکیەوە وەک:

............................................................

❋ جەخت کردن لەسەر چەمکی هاوولاَتیبوون و عەلمانیەت.

❋فێرکردنی سیاسی دەربارەی ماف و ئەرکەکانی هاوولاَتیان.

❋رۆڵی خوێندنگا لە بونیادنانی ناسنامەی نیشتمانی و سیاسی.

❋ **سوید**

بە هەمان شێوە سوید یەکێکی تر لەو دەوڵەتە پێشکەوتوانەی کە بایەخ و گرنگی ئەم دوو چەمکە ئەزانن و بەردەوام کاری لەسەر دەکەن وەک:

❋ متمانەیەکی بەرز و بەهێز هەیە لەنێوان دەوڵەت و هاوولاَتیدا.

❋ بەشدارییپێکردنی لاوان و گەنجان لە دروستکردنی بڕیارەکان بە تایبەتی لە بوارە تایبەت و لۆکاڵییەکان. کە ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ و بەرچاوە بۆ بەشداریی سەرەکی کە دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەوڵەتە.

❋ پێگەیاندنی سیاسی لە سوید لەسەر پیادەکردنی دیموکراسیانە بونیاد نراوە.

ئەوانەی باسمان کرد لە ولاَتی سوید و فەرەنسا زیاتر ئاماژەیە بۆ پیادەکردن و پەرەپێدان لەسەر چەمکی پێگەیاندنی سیاسی لەرووی پراکتیکیەوە.

بەڵام وڵاتی تر هەن کە زۆرتر کاریان کردووە یاخود پلانی بەردەوامیان هەیە بۆ گەشەپێدانی سیاسی لەوانە :

## ❊ ئەڵمانیا

❊سیستەمێکی دیموکراتی جێگیر و ئارامی هەیە بە تایبەتی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم.

❊دامودەزگاکانی بەهێزن وەکو پەرلەمان و دادگای دەستوری.

❊رێز لە یاسا و فرە حزبی دەگیرێت.

❊ لە ئەڵمانیا بەشدارییەکی سیاسی فراوان هەیە.

## ❊ژاپۆن

دەوڵەتی ژاپۆن یەکێک لەو وڵاتانەیە کە پلانی بەردەوامی هەیە بۆ گەشەپێدانی سیاسی.

❊ گەشەسەندنی سیاسی لە ژاپۆن هاوسەنگە لەگەڵ گەشەپێدانی ئابوریدا. کە ئەمەش خاڵێکی بەهێزە بۆ هەر وڵاتێک هەم بۆ گەشەپێدان و هەم بۆ ئارامی و جێگیریی سیاسی کە بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی گەشەپێدانی سیاسی ئەژمار دەکرێت.

❊ دامەزراوە سیاسییەکان زۆر کاران و کاریگەرن لەسەر

کۆی پرۆسەکانی بریاری سیاسی.

❋کلتوری سیاسی لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتییە کە ئەمەش ئاماژەی هاوسەنگی و بوونێکی ڕاست و دروستە بۆ گەشەپێدانی سیاسی.

## ❋ هیند

❋ دەوڵەتی هیند یەکێک لە گەورەترین دەوڵەتانی دیموکراسییە لە ڕووی دانیشتوانەوە.

❋ سەرەڕای ئەوەی کە وڵاتێکە فرە ئاین و ڕەگەز و نەتەوە و مەزهەبە بەڵام دەستاودەست کردنی دەسەڵات تێیدا ئاشتیانەیە و جۆرێک لە ئارامی و جێگیری سیاسی و تایبەتمەندیی هەیە.

❋ دەوڵەتی هیند دەستورێکی بەهێز و لە هەمان کاتدا هەڵبژاردن بە شێوەیەکی سیستماتیکی بەڕێوەدەچێ.

نمونەیەکی ترمان هەیە لەو وڵاتانەی کە بایەخی بەرچاو دەدەن بە هەردوو چەمکەکە و بایەخ پێدانەکەش لەڕووی پراکتیکییەوەبەردەوامە، ئەویش دەوڵەتی کەنەدایە کە:

❋ سیستەمێکی سیاسی پێشکەوتووی هەیە.

❋ ڕێز لە مافی مرۆڤ ئەگیرێ.

❋ بەشداریی سیاسی بە شێوەیەکی فراوان و بەهێز هەیە.

❋ دامەزراوەکانی دیموکراسی بەهێز و جێگیرن.

به کورتی دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی جیهان کە بایەخی بەرچاو و بەردەوام دەدەن بەو دوو چەمکە زیاتر لەم خاڵانە بەرجەستە ئەبێت:

* سیستەمێکی سیاسی کارا و پێشکەوتوویان هەیە.
* ڕێز لە مافی مرۆڤ و یاسا دەگیرێ.
* بەشداریی سیاسی فراوانی خەڵک.
* دامەزراوەکانی جێگیر و دیموکراسی و بەهێزن.
* بوونی ئارامی سیاسی.

ڕەنگە لەسەر ئاستی جیهان زۆرێک لەو دەوڵەتانە هەبن کە بایەخ دەدەن بەم دوو چەمکە لە ڕووی پراکتیکەوە، هەتا دێت گرنگی ئەم چەمکانە زیاتر ئەبێت چونکە مەرجێکی سەرەکی مانەوە و بەردەوامی دەوڵەتەکانە.

# ڕوانگەی حزبە سیاسییەکان دەربارەی پێگەیاندن و گەشەپێدانی سیاسی

هەریەکە لە پارتە سیاسییەکان لە ڕوانگەی جیهانبینی خۆیانەوە تەماشای دیاردە و چەمکە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. ڕێباز و تێگەیشتنی هەریەکە لەوانە بۆ شێواز و فۆڕمی حکومڕانیی هەر لە دیدگاکانی ئایدۆلۆژیانەوە سەرچاوە ئەگرێ. لێرەدا ئاماژە دەکەین بە تێڕوانینی حزبە سۆسیال و دیموکراتیەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو چەمکانەدا و هەوڵ ئەدەین بە کورتی ڕوونی بکەینەوە:-

دیدگای حزبە سۆسیال دیموکراتییەکان بۆ چەمکی پێگەیاندن و گەشەپێدانی سیاسی لە بنەڕەتدا لەوێوە سەرچاوە ئەگرێ کە دەیانەوێ بونیادی هاوولاتییەکی هۆشیار و بەشدار کە کاریگەریی هەبێت لەسەر ژیانی گشتی لە چوارچێوەی دیموکراتییەکی دادپەروەرانەدا.

ئەم تێگەیشتنەش لەژێر کاریگەریی و هەژموونی فیکری حزبە سۆسیال دیموکراتییەکاندا بووە کە لە ئەوروپا جێ کەوت لەسەر دەستی هەردوو حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا و حزبی کرێکارانی بەریتانیا.

هەمان تێگەیشتنی زانستی سیاسی و بیرمەندانی ئەو بوارە کە قسەیان لەسەر ئەم دوو چەمکە کردووە ئەوانیش بە هەندێك هەموارکردنەوە کاری لەسەر دەکەن، بەڵام ڕەنگە میکانیزمی جێبەجێکردن گۆڕانی بەسەردا بێت و جیاواز بێت لە ئاڕاستەکانی تر.

سۆسیال دیموکراتەکان هەرئاوا دەڕواننە پێگەیاندنی سیاسی کە پرۆسەیەکی بەردەوامە و ئامانج لێی چاندنی بەهای دیموکراسییە، هەر لە سەرەتای پێگەیشتنی گەنجەوە. لە ئەرکە سەرەکییەکانیان ئەوەیە بەهای هاووڵاتیبوون بەهێز بکەن بە فراوانبوونی ئازادی و یەکسانی و هاوکاری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

پاشان ڕۆڵی پەروەردە و فێرکردن کە پێویستی فێرکردن بۆ هەمووان بێت و لە هەمان کاتدا بە خۆڕایی بێت و هانی بەشداریی مەدەنی و مافی تێبینی و سەرنج هەبێت بۆ هەمووان.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی دامەزراوەکانی خێزان و خوێندنگا و دەزگاکانی میدیا و سەندیکا جۆراوجۆرەکان لەبەرچاوبگیرێ و بایەخی زیاتر بە کاریگەرییان بدرێت، بەو پێیەی ئەو دامەزراوانە هەبوونیان دەبێتە مایەی زیادبوون و گەشەی هۆشیاری سیاسی.

لەتەک ئەوانەش بایەخێکی زۆر ئەدەن و کاری لەسەر ئەکەن ئەویش هەبوونی فرەیی و کرانەوەیە بۆ ئەوەی سەرجەم جیاوازییەکان قبوڵ بکرێت، لە جێگای توندوتیژی، گفتوگۆ و دیالۆگ جێگای بگرێتەوە.

# گەشەپێدانی سیاسی
# لای حزبە سۆسیال دیموکراتەکان

سۆسیال دیموکراسی گەشەپێدانی سیاسی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەیەکەوە گرێ دەدەن. جەخت دەکەنەوە لەسەر نوێبوونەوە و دیموکراتیزەکردن، نەک تەنها لە ڕێگەی هەڵبژاردن، بەڵکو لە ڕێی بەشداریی بەردەوام و ڕۆژانەوەوە بۆ دروستکردنی بڕیار بە شێوازە دیموکراسییەکە کە هاووڵاتیان کارەکتەری سەرەکی بن. پاشان لەوێوە کاربکرێ بۆ بونیادنانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کە لە سایەیدا سەرجەم ماف و خزمەتگوزارییەکان دابین بکرێ لە فێرکردن و تەندروستی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و رەخساندنی هەلی هاوبەش بۆ هەمووان.

بۆئەوەی ئەو هەنگاوانەی سەرەوە جێبەجێ بکرێ سۆسیال دیموکراتەکان کار دەکەن بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەکانی وەک دادوەریی کە سەربەخۆ بێت و ئازادی ڕاگەیاندن هەبێت بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی و جێگیرکردنی شەفافیەت.

هەروەها ڕۆڵ بدرێت بە چین و توێژە پەراوێزخراوەکان

وەکو کرێکاران و لاوان بۆ ئەوەی نوێنەرایەتیان هەبێت لە هەموو کایەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا.

سۆسیال دیموکراتەکان زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی جەخت لەسەر پێگەیاندنی سیاسی دەکەنەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی هاووڵاتی چالاک دروست بێت و هاوبەش بێت لە گەشەپێدانی سیاسی بەردەوام. هەربۆیە لە پرۆگرام و پەیامەکانیاندا بە ئاشکرا دەڵێن دیموکراتی ڕاستەقینە بەبێ هۆشیاری سیاسی نابێ.

سۆسیال دیموکراتەکان بە تەنها جەخت لەسەر ئەوە ناکەنەوە بگەنە دەسەلات، بەڵکو کار لەسەر بونیادی ڕۆڵی دیموکراتی دەکەنەوە، گەشەپێدانی سیاسیش هەر ئەوە نییە کە ڕیفۆرم بکرێ لە دامەزراوەکان، بەڵکو پێویستە کەلتوری کۆمەڵگە بگۆڕێ بەرەو بەشداریی و دادپەروەری.

# دیدگای حزبە لیبراڵییەکان

تێڕوانینی حزبە لیبراڵییەکان بۆ هەر دیاردەیەک لە ڕوانگەی تاکگەراییەوە سەرچاوە ئەگرێ، کە لە ڕووی مێژووییەوە دەگەڕێتەوە سەر بیروباوەڕی جۆن لۆک. کە زیاتر جەخت کردنەوەیە لەسەر ئازادی تاک و مافەکانیان. پێگەیاندنی سیاسی لەسەر بنەمای تاکگەرایی و سەربەخۆیی بونیاد نراوە. تێڕوانینیش بۆ رۆڵی دەوڵەت و فرەیی زیاتر لەم خاڵانەدا روون ئەبێتەوە:-

❊ جەختکردنەوە لەسەر ئازادی تاک و مافەکانی.

❊ پێگەیاندنی سیاسی لەسەر بنەمای رێزگرتنی تاکگەرایی سەربەخۆیی.

❊ ڕۆڵی دەوڵەت سنوردارە و خێزان و بازاڕ و کۆمەڵی مەدەنی بایەخی زیاترە.

❊ هاندانی فرەیی بەڵام بەبێ سەپاندنی بەهاکانی کەلتوری گشتی.

هەر بۆیە حزبە لیبراڵییەکان لەسەر بنەمای ئەو میتۆدە سیستەمی سیاسی و ئابورییەکانیان بەڕێوەدەبەن و لە مەیدانی کردەوەدا لە زۆرێک لە وڵاتان ڕەنگی داوەتەوە بە تایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

# حزبە پارێزگارەکان و (کۆنزەرفاتیڤ)

هێڵە فیکری و سیاسییەکەیان لەباری مێژووییەوە دەگەڕێتەوە سەر بیروباوەڕەکانی (ئیدمۆند بیرک) کە جەخت دەکاتەوە سەر :-

* بەها و کلتورە باوەکان و سەقامگیریی و ئارامی.
* پێگەیاندنی سیاسی لای ئەوان پارێزگارییە لە ناسنامە و کلتورە کلاسیکییەکان.
* خێزان و ئاین ڕۆڵی گەورەی هەیە.
* بە ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا دەکەن، بە تایبەتی گۆڕانە سیاسی و خێراکان.

ئەم بیروباوەڕ و میتۆدە لای حزبە پارێزگارەکان باشتر ڕەنگی داوەتەوە بە تایبەتی ئەوانەی کە لە دەسەڵاتدان نموونەی زیندو و دیار حزبی پارێزگاری بەریتانیا.

**بە کورتی بەراوردی نێوان هەرسێ تێڕوانین و میتۆدە سیاسی و فیکرییەکانیان بە تایبەتی لە بواری گەشەپێدانی سیاسی.**

**- سۆسیال دیموکراتەکان**

* دیموکراسی بەشداریی و هاوبەشی ڕاستەقینەیە کە دەبێت هاوشانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بێت.

* بونیادنانی دەوڵەتی خۆشگوزەران.

* کەمکردنەوەی جیاوازی چینایەتی و بەدەستهێنانی سەقامگیری و ئارامی سیاسی.

* بەشداریی فراوانی کرێکاران و توێژە پەراوێزخراوەکان.

**- لیبراڵەکان**

* دیموکراسی و نوێنەرایەتی (هەڵبژاردن و دامودەزگاکان). کە شێوازێکە لە فۆڕمەکانی دیموکراسی.

* جەختکردنەوە لەسەر سەروەریی یاسا و مافەکانی مرۆڤ.

* ئابووری بازاڕی ئازاد، کە گەشەپێدانی سیاسی وابەستەی گەشەی ئابووری دەکات.

* دەستێوەردانی سنورداری دەوڵەت.

**- پارێزگارەکان**

* سەقامگیری سروشتی و شێنەیی پێ باشترە لە گۆڕانکاری خێرا.

* پارێزگاریکردن لە دامودەزگا تەقلیدییەکان.

* گەشەپێدانی سیاسی پێویستە هێواش و هاوسەنگ بێت.

* ترس و نیگەرانی لە فراوانبوونی زۆر بۆ ڕۆڵی دەوڵەت یان لە جولانەوە ڕادیکاڵییەکان.

**جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان هەرسێ ڕەوتی فکری زیاتر لەم خاڵانەدا کورت ئەبێتەوە :-**

* **سۆسیال دیموکراتەکان**

دیموکراسی ڕاستەقینە نابێت بەبێ عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بەشداری فراوان.

* **لیبراڵەکان**

دیموکراسی پشت ئەبەستێ بە ئازادی تاک و پارێزگاریکردن لەوەی کە دەستێوەردان لە کاروباری دەوڵەت نەکرێ.

## * پارێزگارەکان

دیموکراسی پێویستە پارێزگاری لە سەقامگیریی و کەلتورەکان بکات.

ئەگەر بمانەوێت بە شێوەیەکی ئاسان جیاوازییەکان بخەینەڕوو بەم شێوەیە:-

* سۆسیال دیموکراسی واتا هاوولاتییەک کە هاوکار و بەشدار بێت و دەوڵەتێکی بەهێز لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە واتا ڕۆڵی هاوولاتی و دەستەبەری عەدالەت بکات.

لیبراڵەکان هاوولاتی ئازاد و دەوڵەتی سنووردار لە ئامانجەکانیانە. لە بەرامبەردا پارێزگارەکان هاوولاتییەکی تەقلیدی و کلاسیکییان دەوێ و جەختی لەسەر ئەکەنەوە.

کورتەی تێڕوانینی حزبە سۆسیال دیموکراسییەکان بەراورد بە لیبراڵیزم و پارێزگارەکان لە پێگەیاندن و گەشەپێدانی سیاسی.

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد و ڕوونمان کردەوە پێگەیاندن و گەشەپێدانی سیاسی لەو چەمکانەیە لە زانستی سیاسیدا بریتییە لەو پرۆسەیەی کە بەها و ئاراستەی سیاسی لای تاکەکانی کۆمەڵ ئەچێنێ و جێگیری دەکات و گەشە بە سیستەمە سیاسییەکان ئەدات و تواناو لێهاتوویی و

سەقامگیری بەهێز دەکات.

ئەم پرۆسەیەش لە ڕوانگەی بیروباوەڕ و میتۆدە فکرییەکانەوە جیاوازن و مامەڵە و پراکتیکییان لەیەکناچن و دنیابینی جودایان هەیە، بە تایبەتی لەنێوان سۆسیال دیموکراسی و لیبراڵیزم و پارێزگاراندا. ئەم بەراوردو جیاوازیانە لە نێوان ڕەوتە سیاسی و فکرییەکان لە هۆکار و میکانیزمەکاندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگە و دەوڵەتیش. لە کاتێکدا سۆسیال دیموکراتەکان هەوڵ ئەدەن بالانسی نێوان ئازادی و یەکسانی دەستەبەر بکەن و لە بەرامبەردا لیبراڵیزم جەخت لەسەر ئازادی تاک ئەکاتەوە و هەروەها پارێزگارەکان کاری سەرەکییان سەقامگیری و پاراستنی بەهاو کەلتورە باوەکانە.

**بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

## سەرچاوەکان

١- چەند وانەیەکی سیستەمە سیاسییەکان ، کۆلیژی یاساو رامیاری، زانکۆی سلێمانی. ساڵی ٢٠٠٩ - ٢٠١٠

٢- بەشداری سیاسی، چەمک و گرفتەکان / عادل علی. لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری ، ساڵی ٢٠١١

٣- التنشئة السياسية / الموسوعة السياسية. حفصة عزوز و سنة ٢٠٢٢

٤- دیموکراتی و بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی/ د.حەمید حسێن کاظم - عادل علی. لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری، ساڵی ٢٠١١

٥- الموسوعة السياسية/ التنمية السياسية. ابتهال مبروك ، POLITICAL. ORG.WWW